*Journal of Language Studies* Vol.8, No.2, 2024, Pages (207-229)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.8.2.10

IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The impact of physical geography factors on the division of Kurdish language – taking the dialect of Surchi tribe as example

**Faris Ali Esmael** *
**Salahaldeen University**
Khaylani.faris@gmail.com

&

**Prof.Atif Abdullh farhad**
**Salahaldeen University**
atif.farhad@su.edu.krd

**Received:** 1 / 6 / 2023, **Accepted:** 4 / **7** /2023, **Online Published:29 / 2 / 2024**

## Abstract

The title of our research is about (The impact of physical geography factors on the division of Kurdish language – taking the dialect of Surchi tribe as example). In this study, we will try to highlight the physical geography factors which can divide a language into several dialects, there are similar factors that divided the Kurdish language into four main dialects, each of which is divided into several sub-dialects, we will also try to focus on a physical geography factor which is the Great Zab River in the territory of the Surchi tribe, which has made the population belonging to the tribe on both sides of the river, although whose

* **Corresponding Author**: Faris Ali**, Email:** Khaylani.faris@gmail.com
**Affiliation**: Salahaldeen University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

main language is Kurdish, their speech styles may differ in terms of language levels, and these distinctions are more noticed by linguists.

In this research, we have done several field visits and interviews with villagers of some villages belonging to the Surchi tribe on both sides of the Great Zab River. After researching and interviewing in these areas, we decided to take two villages as samples of our research, each of which is different in terms of physical geography and speech styles. Zerav village is located on the bank of a river on the right side of the Great Zab, while Kalakin village is located on the left bank of the Great Zab. This study is divided into three main parts: First part concerns Kurdish Language and its dialects, second part is about physical geography factors on division of the Kurdish language, third part presents Surchi tribe, it describes the geographical boundaries of Surchi tribe, then analyzes the speech style of Surchi tribe in general and identifies the phonemes of both villages (Kalakin Sarchia) and (Zerav) in particular, then compare them with each other in terms of phonology.

**Key words:** Surchi dialect, physical geography factors, Great Zab River, Phonolog.

## تأثير الاسباب الطبيعية على إنقسام اللغة الكوردية – اللهجة سورچية أنموذجا

**فارس علي اسماعيل – جامعة صلاح الدين – كلية اللغة**

**و**

**پ.د.عاطف عبدالله فرهادي - جامعة صلاح الدين – كلية اللغة**

### المستخلص

هذه الدراسة بعنوان(تأثير الاسباب الطبيعية على إنقسام اللغة الكوردية – اللهجة سورچية أنموذجا)، ففى هذه الدراسة سنحاول أن نعرض هذه الأسباب الطبيعية كونها أحد من الأسباب التى تجعل اللغة ان تنقسم على مجموعة من اللهجات و اللهجات الفرعية ، وفي اللغة الكوردية هناك أسباب عدة بحيث تجعل هذه اللغة ان تنقسم على أربع اللهجات الرئيسية وكل واحدة منهما تنقسم على مجموعة من اللهجات الفرعية المتعددة، و سنحاول أيضا أن نلقيى الضوء على هذا السبب الطبيعي في نهر الزاب الكبير في منطقتة العشيرة السورچية الذي أدى الى إختلاف لهجات هذه العشيرة في طرفي نهر الزاب وإن كانت لغتهما الكوردية ، إلا أن لهجاتهما تختلفان على صعيد المستويات اللغوية إلى حد ما، و تلحظ هذه الاختلافات اللهجية أكثر عند اللغويين.

وفي هذه الدراسة الميدانية قمنا بمقالة سكان هذه القرى التى تنضوي تحت العشيرة السورچية في طرفي نهر الزاب الكبير وبعد الاستقصاء والمقابلة في هذه المناطق توصلنا إلى أن نحدد قريتين أنموذجا لدرستنا بحيث كل واحد منهما تختلف لهجاتها من حيث الطبيعة الجغرافية، إن قرية(زێراڤ) في منطقة(بادينان) تقع على شاطىء النهر، وأما قرية(کەلەکین) في منطقة(سۆران) تقع على الجبل، وهذه الدراسة تتكون من ثلاثة فصول يختص الفصل الأول باللغة الكردية ولهجاتها وأما الفصل الثاني فيتناول عن الأسباب الطبيعية التى تؤدي إلى إنقسام اللغة الكوردية، وأما الفصل الثالث فيتعلق بالعشيرة السورچية، إذ تكلم على الحدود الجغرافي لهذه العشيرة، ومن ثم يتناول على لهجتي العشيرة السورچية بشكل عام مع تحديد أصوات كلتا القريتين (کەلەکین سەرچیا) و (زێراڤ) بشكل خاص ثم مقارنة بعضهما مع بعض على صعيد المستوى الصوتي.

**<u>الكلمات الدالة:</u>** اللهجة السورچية ، الاسباب الطبيعية ، نهر الزاب الكبير، علم الاصوات

## ( کاریگەری هۆکارە سروشتییەکان لەسەر دابەشبووونی زمانی کوردی-شێوەزاری سورچی بەنموونە).

**فارس علي اسماعيل – زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی زمان**
**پ.د.عاطف عبدالله فەرهادی - زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی زمان**

**پێشەکی :**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە(کاریگەری هۆکارەسرووشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی- شێوەزاری سورچی بەنموونە)، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی کاریگەری هۆکارە سرووشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی بۆ زار و شێوەزاری جیاجیا.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لەبەر ئەوەی شێوەی ئاخاوتنی سورچی یەکێکە لەو شێوەزارانەی زمانی کوردی کە تائێستا هیچ توێژینەوەیەکی زمانی لەسەر نەکراوە و هەروەها بەهۆی هۆکارێکی سرووشتی کە (زێی گەورە)یە، ناوچەکەی دابەشی سەر دوو شێوەی ئاخاوتن کردووە، ئەمە وایکرد ببێتە جێی سەرنجی ئێمە، بۆیە هەوڵماندا توێژینەوەی لەسەر بکەین.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا لە کارێکی مەیدانیدا داتاکانمان کۆکردەوە و بەپێی ڕێبازی وەسفی شیکاری شیمانکردەوە.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

١- شێوەی ئاخاوتنی عەشیرەتی سورچی سەربەزاری ناوەڕاست(سۆرانی) و زاری ژووروو(بادینی)یە و کاریگەری هەردوو زارەکەی لەسەردیارە، ئەمە وایکرد نەتوانین ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو شێوەزمانەی کە لە کوردستانی عیراقدا، وەکو نیمچە ستاندارد بەکاردێت و بنەڕەتەکەی شێوەزاری سلێمانیی زاری ناوەڕاستە، بەراوردبکرێت، بۆیە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان کراوەتە پێوەر تاوەکو توێژینەوەکە زانستیانەتربێت.

٢- شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەنگی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە لەزمانی کوردیدا هیچ هێمایەکی نییە، کە دەقاودەق ئەم دەنگە بنوێنێت، بۆیە ناچاربووین کە خۆمان هێمای تایبەتی بۆ دابنێین بۆ ناسینەوەی.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پیشەکی و ئەنجام بەسەر سێ بەش دابەشکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:** تایبەتە بە زمانی کوردی و زار و شێوەزارەکانی، باسی هەرێمی کوردستان لە ڕووی زارەکانی زمانی کوردییەوە دەکات، **بەشی دووەم:** بەناونیشانی کاریگەری هۆکارە سرووشتییەکانی دابەشبوونی زمانی کوردی، وەک کاریگەری (زنجیرە شاخەکان و دۆڵەکان و زێ و ڕووبارەکان)باسیان لێوەکراوە، **بەشی سێیەم:** لەبارەی عەشیرەتی سورچیە، تێدا باسی سنووری جوگرافی عەشیرەتی سورچی دەکات، دواتر شیکردنەوەی شێوەی ئاخاوتنی عەشیرەتی سورچی بەگشتی و دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەردوو گوندی (کەلەکین سەرچیا) و (زێراڤ)بەتایبەتی، پاشان بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر لەڕووی دەنگسازییەوە، تێدا بەشێک لە گۆڕانی فۆنۆلۆجی شێوەزاری سورچی وەکو( دەنگگۆڕکێ و سوان و لەناوچوونی دەنگ و زیادبوونی دەنگ)خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم:** زمانی کوردی و زار و شێوەزارەکانی:

**١-١- زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی:**

**سەرەتا:**

زمانی کوردی وەك هەموو زمانانی جیهان، لە چەندین زار و شێوەزار پێکدێت، لەلایەن زمانەوانانی کورد و ڕۆژهەڵاتناسەکانیش، لەبارەی دەستنیشانکردنی ژمارەی زار و شێوەزارە کوردییەکان بیروڕای جیاواز هەیە (سەرەتای دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لەبارەی زمانی کوردییەوە، پەیوەستە بەدەرچوونی یەکەم ڕێزمانی زمانی کوردی(ماوریزۆ گارزۆنی- Maurizio Garzoni )لەساڵی(١٨٧٨) بەمەبەستی ئیشوکاری ڕاوێژکارانە لە پەیوەندیاندا لەگەڵ کورد، ئەم کتێبە بووە بەبناغەی دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لەزمانی کوردی و زارەکانی لەڕۆژئاوا)(مارف،١٠٧٤: ٨-١٠)، ئێمە هەندێ بۆچوونی ئەو شارەزا و پسپۆڕانەی کورد دەخەینە ڕوو کە کۆکن لەسەر دەستنیشانکردنی چوار زاری سەرەکی بۆ زمانی کوردی، لەوانەش:

**١- (شەرەفــخــانی بەدلیسی**، یەکەم نووسەری کوردە، کە لە کتێبی(شەرەفنامە)دا لەساڵی(١٥٩٦)، باســـی لەزارەکانی زمانی کوردی کردووە، یەکێکە لە شـــاکارە بایەخدارەکەی، کە تێیدا زارەکانی زمانی کوردی دابەشدەکات بەسەر چواربەش:

یەکەم- کرمانج.

دووەم- لوڕ.

سێیەم- کەلهوڕ.

چوارەم- گۆران)(بەدلیســی،٢٠٠٦: ســەت)، وەکو ســەرچاوەیەکی بنچینەیی و ڕەســەن زۆربەی زمانەوانە کوردەکان سودیان لێوەرگرتووە.

**٢- (تۆفیق وەهبی**، بیروڕای شەرەفخانی پەسندکردووە بە شێوەیەکی زانستی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەش کردووە:

یەکەم- کرمانجی:( کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو).

دووەم - لوڕی

سێیەم - گۆران

چوارەم- زازایی)(خەزنەدار،٤٨:٢٠١٠-٥٠).

**٣- ((د.کامل بەسیر و ....** ، لە کتێبی زارە کوردییەکان، زمانی کوردی دابەشدەکەن بەسەر چوار زاری سەرەکی:

یەکەم- زاری کرمانجی خواروو.

دووەم- زاری کرمانجی ژووروو.

سێیەم۔ زاری هەورامانی.

چوارەم۔ زاری لوڕی)(بەسیرو...،١٩٨٧: ٤)

**٤- (فواد حمەخورشــید)** دوای دەســتنیشــانکردنی چوار زارەکە لەڕووی زانســتی جوگرافیاوە، دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی چەند لقە دیالێکتێکی ناوچەیی لەیەکچوویان هەیە:

یەکەم- کرمانجی باکوور:(بایەزیدی، بۆتانی، هەکاری، بادینی، شەمدینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).

دووەم- کرمانجی ناوەڕاست:(موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سولەیمانی، گەرمیانی).

سێیەم- کرمانجی خواروو:(لوڕی، بەختیاری، لەکی، کۆهگلۆ، کەلهوڕی، مامەسەنی).

چوارەم- دیالێکتی گۆران:(گۆرانی ڕســەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا)(خورشــید ،٢٠٠٨: ٣٩-٤١)٬ گەلێکی دیکە، زارەکانی زمانی کوردیان دەســـتنیشـــانکردووە، لەوانەش:( زەبیحی و کەمال فواد وجەمال نەبەز و..هتد)[1].

بە تێرامــانمــان لەم بیروبۆچوونــانەی دەریــان بڕیوە، بۆمــان ڕوون دەبێتەوە کە بیروبۆچوونەکــان بەتەواوەتی یەکانگیرنین، بەڵام زۆربەیان چوار زاری سەرەکیان دەستنیشانکردووە.

بە بۆچوونی ئێمە، ئەم دابەشـــکردنەی(فواد حەمە خورشـــید) بە پەســـندتر و زانســـتی تر دەزانین، چونکە ســنووری زارەکانی لەژێر ڕۆشــنایی زانســتی ســروشــتی جوگرافیا دەســتنیشــانکردووە، کە پەیوەستە بەباتەتی توێژینەوەکەی ئێمە.

**١-٢- هەرێمی کوردستانی عیراق لەڕووی زارەکانی زمانی کوردییەوە:**

ئەو بەشـــەی هەرێمی کوردســـتان بەهۆی ســـروشـــتی ناوچەکەی هەر چوار زارە ســـەرەکییەی کە زمانی کوردیان پێکهێناوە وەک:(کرمانجی ژووروو، کرمانجی ناوەڕاســـــت، کرمانجی خواروو، گۆران) لەخۆدەگرێت، بۆیە دەکرێت بگووترێت: ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندیانەی کە هەرێمی کوردستانی عیراق هەیەتی، جیاواز لەبەشەکانی تری کوردستان، بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).




**نەخشەی ژمارە(١)**[2]

[1] - بۆ زانیاری زیاتر سەیری(فەرهادی،عاتف عەبدوڵلا،( ٢٠٠٦)،فێرکردنی زمانی کوردی لەسەربنچینەی پاوەرپۆینت،نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر ١-١٣)بکە.

[2] - ئەم نەخشەیە وەرگیراوە لە(پ.د.عەبدوڵا حوسێن ڕەسول،( ٢٠٢١) وانەکانی خوێندنی باڵا، ماستەر لە زمانی کوردی، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

**٢- کاریگەری هۆکارە سرووشتییەکان لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی :**

لێرەدا باس لە پەیوەندی لەگەڵ زانستێک دەکەین، کە بریتییە لە: کاریگەری هۆکارە سرووشتیەکانە لەسەر دابەشبوونی زمانی کوردی، بەسەر زار و شێوەزارەکانیدا، چونکە (زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەندە بەشێوەزار)(Kyumars.Sh.E. at el,2013: 30-35)و زارەکانی زمانی کوردیش وەک زارەکان تر، بەپێی شوێنەکان دابەش دەکرێن(النجار:١٨، ٢٠١٥)، هەر لەبەر ئەوەشە (زمانەوانان زیاتر بەپێی شوێنی زار و شێوەزارەکان، بایەخیان پێداوە)(فەتاح،٢٠١١: ١٠٩)، کوردستانش یەکێکە لەو شوێنانەی جیهان، کە بە سرووشتە هەمەڕەنگ و جۆراوجۆرەکەی باناوبانگە و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی لانەی ژیانی کورد بووە، هەبوونی چەندین بەڵگەی شوێنەواری سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

**آ- کاریگەری سرووشتی جوگرافیا:**

زۆربەی زمانەوانەکان لەوباوەڕەدان کە هۆیە(جوگرافییەکانی ناوچە کشتوکاڵی و ئاویەکان و چیایە بەرزەکان و ژینگە و کەوتگەی ناوچەکە و ڕووبارەکان، لەدابڕانی ناوچەکانی کوردستان لەیەکتر ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە)(فەرهادی،٢٠٠١: ٨٦و٩٥و٩٦)، زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسان لەسەر ئەوەی بیستویانە، باوەڕیان وایە، کە زمانی شوێنەکان نیشانەیە لە سەر گرنگی شوێنی جوگرافی و پەیوەندی بەزمانەوە، لەوانیش((سۆسێر: پێیوایە کاریگەری جوگرافی لەسەر زمان دەبێتە هۆی پەیدابوونی دیاریدەی زمانیی نوێ و سەرهەڵدانی زار و شێوەزارەکانی، بەڵام ئەم گۆڕانکاری و تایبەتمەندیانە هەر لەئاستی ئاخاوتن و قسەکردنی ڕۆژانە دانە و کار ناکەن لە سیستەمی زمان))(ڕەمەزان،٢٠٠٩: ٥٢-٥٣)،

**٢-١- کاریگەری زنجیرە شاخەکان**

زنجیرە شاخەکان دەبنە هۆی جیاکردنەوەی هەر ناوچەیەك لە یەکتری و جیاوازی دەخەنە ناو سرووشتی وڵاتەکەوە، لەئەنجامدا جیاوازی و جیابوونەوە لەزماندا دروستدەکەن، زار و شێوەزاری لێپەیدادەکەن، بۆنموونە:((زنجیرەچیاکانی هەورامان لەکاتی خۆیدا بوونەتە هۆی داپچڕاندن لە گەشەی شارستانیەت و گۆڕانی زمانی و دروستبوونی زاری جیاجیا لەڕووی کۆسپی سرووشتی و جوگرافییەوە))(فەتاح،٢٠١١: ١١٧)، بۆنموونە:گوندی(گەلین) یەکێکە لە گوندە شاخاویەکان، کە لە شارۆچکەی سنە، لە هەورامانە، لەڕووی تایبەتمەندی شێوەی ئاخاوتنەوە هەندێک جیاوازی هەستپێدەکرێت، لە شێوەی ئاخاوتنی هەورامانی تەخت، هەروەها لە دێرین زەمانەوە سەختی شاخەکان کەشێکی وایان دروستکردووە، زۆربەی گوندەکان لە یەکتری دابڕێن(خوراسانی،٢٠٢٣: ١٩٥-٢٢٨)، هاتووچۆ و تیکەڵاویان کەمتر ببێت، (ناوچە شاخاویەکانی هەورامان زۆر سەختن و زیاتر لە شەش مانگ بەفراوین و ڕێگاو بانیان بە زۆربەی وەخت بەستراون، بەهۆی سەختی ڕێگاوبانەکان، بەتایبەتی لەکاتی بەفربارین)(خورشید،٢٠٠٨: ٤٢)، لەلایەکی دیکەش هۆکارێکی بنەڕەتی بووە بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی نەتەوەی کورد و پارێزگاری کردن، هەروەک توێژەری فەڕەنسی(جان برتولینو) باسی ڕۆڵی چیا و بەرزاییەکان

دەکات، لەپاراستنی گەلی کورد و زمان و زارەکانی(محەمەد،٢٠١٢: ١١٧-١٢٠)، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆلێکدابڕانی شێوەزارەکەیان، چونکە لەڕووی ژمارە و بزوێنەری هەمەجۆری بنەماڵەی زمانەکان، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، جیاوازە لەڕووی تۆپۆگرافیا، وەک هۆکارێکی گرنگ کە لەبەرژەوەندی دابڕان و هەمەچەشنکردن دایە، ئەمەش پێچەوانەی ناوچە ئاست نزمترەکانی وەک دەشتەکانە(Bernard,2008:131-143) کە ئەمەش بەتێپەڕبوونی کات وادەکات کە جیاوازی لەنێوان شێوەی قسەکردنیان پەیدابێت، بۆنموونە:(لەزۆر وشەدا بزوێنی/ ۆ/ی هەورامی شوێنی[ەو] لە زارەکانی تر دەگرێتەوە، بۆنموونە:

| <u>زاری ناوەڕاست</u> | <u>شێوەزاری هەورامی</u> |
|---|---|
| حەوت | حۆت |
| نەوت | نۆت (ئەحمەد،٢٠١٧: ١٥) |

(زۆربەی زمانناسان بۆچوونیان وایە شوێن و سروشتی خاک یان نیشتیمان بە هۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت، لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی هەر گەل و نەتەوەیەک لەجیهاندا، بۆنموونە: لە بۆرما دانیشتوانی خوارەوەی ڕووبارەکان کشتوکاڵی ئاودێری دەکەن، لەڕووی زمانیەوە نایەکسانن لەگەڵ دانیشتوانی شاخ)(Matthias 2020:19-23)، یان دانیشتوانی و شارەکان.

### ٢-٢- کاریگەری دۆڵەکان:

شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی ئالانە هەندێک جیاوازە لە شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی مەلەکان، کە چیای (ئیرۆن) لێکیان جیادەکاتەوە، کە هەردووکیان سەربەناحیەی خەلیفانن، بەهەمان شێوە((شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی باڵەکان جیایە لە شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی ئاکۆیان و شێوەی ئاخاوتنی ئەوانیش، جیاوازن لەشێوەی ئاخاوتنی دۆڵی بالیسان، ئەم سێ دۆڵەش هەرسێک دەکەونە تەنیشت یەک و بەزنجیرەچیا لێک جیابوونەتەوە))(ڕەسول،٢٠١٥: ١٦٠) ، هەروەها (ناوچەکانی دۆڵی باڵەکایەتی دابەش دەبێتە سەر چەند دۆڵێک، بە هۆکاری سرووشتی ناوچەکە، وایکردووە شێوەزاری باڵەکایەتی لەناوخۆیاندا دابەشدەبنە سەر سێ شێوەی ئاخاوتن، شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی ڕوستێ لەڕووی دەنگسازییەوە جیاوازە لە شێوەی ئاخاوتنی دۆڵی باڵەییان یان چۆمان)(فەرهادی،٢٠١١: ٨٦و٩٥و٩٦)، ئەمەش دەسەلمێنێت کە (سرووشتی شوێنی جوگرافی کاریگەری لەسەر زمانەکان داناوە)(Matthias 2020:19-23 ) و دابەشی کردوون.

### ٢-٣- کاریگەری زێ و ڕووبارەکان:

لەکوردستاندا دوو زێی بەناوبانگ هەن(زێی گەورە) و (زێی بچوک)، کە بەدرێژایی مێژوو ناوچەکانی کوردستانیان بۆ یەکەی کارگێری جیاواز دابەشکردووە، لەسەرەتا وەک سنووری میرنشینی بابان و سۆران و بادینان، هەروەها سنووری زارەکانی خواروو و ناوەڕاست و

ژووروو دیاریدەکەن، جگە لەم دوو زێیە چەند ڕووبارێکیش هەن، وەک(خاپوور و ئەلوەند و.......هتد)، کەوایان کردووە ناوچەکانی کوردستان لەیەک دابڕن، بەتایبەتی لە هەردوو وەرزی زستان و بەهاردا، ئەمەش شتێکی ئاساییە، زۆرجار لەیەک نەتەوەدا زارەکان جیاوازن، بەپێی تایبەتمەندی خەڵکەکە و جیاوازی ئەو ناوچانەی تێیدا دەژین(عبدالوافی،٢٠٠٤: ١٧٩)، بۆ نموونە: لە بۆرما دانیشتوانی خوارەوەی ڕووبارەکان کشتوکاڵی ئاودێری دەکەن، لەڕووی زمانیەوە نایەکسانن لەگەڵ دانیشتوانی شاخ، واتە ئەو زمانانەی لەناوچە دابڕاوەکاندا قسەیان پێدەکرێت، وەک ئەوناوچانەی بەهۆی ڕووبارەکان لەیەکتردابڕاون، لە ڕووی زمانییەوە پاراوترن لە زمانەکانی دەشتەکان یان ناوچە کشتوکاڵیەکان(Nichols,2013:54)، جیاوازی لە شێوەی ئاخاوتنیان هەیە.

**٢-٣-١- زێی بچوک:**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەدەگرێت و بە باشووری کوردستان تێدەپەڕێت و درێژیەکەی(٤٠٠)کیلۆمەتردەبێت، (زێی بچووک)سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و کەرکوک دیاری دەکات، هەروەها(شێوەزاری هەولێر) و (شێوەزاری گەرمیان) لەیەکتر جیادەکاتەوە، بۆنموونە:

| <u>شێوەزاری هەولێر</u> | <u>شێوەزاری گەرمیان</u> |
|---|---|
| ددان | دگان |
| ماستاو | ماساو(محەمەد،٢٠١٥: ٥٣-٦٣) |

**٢-٣-٢- زێی گەورە:**

کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەلێکۆڵینەوەکەی ئێمەوە هەیە، ((یەکێکە لە لقێکی هەرە گەورەی ڕووباری(دیجلە)، سەرچاوەکانی دەکەوێتە چیاکانی( بیگێت و مەنگەنە) لەباکوورەوە بەرەو باشوور دێت، هەتا ئاوبەندی بێخمە، لەدواییدا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەڕوات، هەتاکو لە باشووری شاری موسڵ، دەڕژێتە نێو ڕوباری(دیجلە) و درێژییەکەی نزیکەی( ٣٩٢ )کیلۆ مەتر دەبێت))(غەفور،٢٠٠٥: ٨٨-٨٩)، لەکۆندا وەک سنووری هەردوو میرنشینی بادینان و سۆران خۆی سەپاندووە، تا ئەمڕۆش زێی گەورە وەک سنوورێکی سرووشتی نێوان زاری ناوەڕاست(سۆرانی)و زاری کرمانجی ژووروو(بادینی)، ئەم کاریگەریەی دابڕانە ئاشکرادەکات، لەنێوان ئەم دوو زارەی کە بەیەکەوە(( زیاتر لە سەدا حەوتا و پێنجی(٧٥٪) زمانی کوردی پێکدەهێنن))(Geraldine and Benoit, 2010:6-14)، لەئێستاشدا سنووری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دیاریدەکات، بۆ دوو یەکەی کارگێری جیا دابەشیاندەکات، کە بەهەمان شێوە جیاکردنەوەی شیوەزاری سورچیشە بۆ دوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران و بادینان، وەک بەشێک لە زارە سەرەکییەکانی کرمانجی ژووروو(بادینی) و کرمانجی ناوەڕاست(سۆرانی)، سەرەڕای بەرگوێ کەوتنی جیاوازی ڕێژەیی لە ئاستە جیاجیاکانی زمان وەک: دەنگسازی و

وشـەسـازی، بۆ ئەوەش هۆکارێکی سـرووشـتییە کە بۆتە هۆکاری ئەم جیاوازییە، کە لە شـێوەی ئاخاوتنی ئەو ناوچانەدا هەبێت، لەدابەشبوونی تۆپۆگرافیای ناوچەکان و دابەشبوونی بەسەر ناوچە فراوانەکانی سنووری جوگرافی لە هەرێمی کوردستان، کەواتە زێی گەورەش یەکێکە لەگرنگترین هۆکارە سرووشتییەکان، لە سەردەمانی پێشووتر، کە هۆکارەکانی گواستنەوە وتەکنەلۆژیا و ڕێگاو بانەکان بەگوێرەی پێویسـت نەبوون، لە نزیک کردنەوەی ناوچەکان لەیەکتری هاوکارنەبوون، بەڵکو بەپێچەوانەوە هۆکـاربووە بۆ دوورخسـتنەوە و لێکدابڕان و دابەشـکردنی نـاوچەکـانی عەشـیرەتی سورچی بەسـەر دوو یەکەی کارگێڕی جودا، لەکۆندا (ویلایەتی ڕواندز) و (ویلایەتی موسـڵ)، یان (میرنشـینی سـۆران) و (میرنشـینی بادینان)، لەئێسـتاشـدا(پارێزگای هەولێر)و (پارێزگای دهۆک)، بەهۆی هەبوونی زێی گەورە و دۆڵ و زنجیرەچیا و ڕووبار لە ناوچەکانی عەشیرەتی سورچیدا، کە کەشێکی وایان دروستکردووە، ناوچەکـان تا ڕادەیەک لە ڕووی هاتووچۆ و تێکەڵاوییـەوە لەگەڵ یەکتر دووربن، لەگەڵ بەسەرچوونی کات، وای لێهاتووە جیاوازی لە نێوان شـێوەی قسـەکردنیان پەیدا ببێت، ئەم دیاردەش لە زۆربەی زمانانی جیهان بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە:(Bungee) شـێوەزارێکی زمانی ئینگلیزیە کە لەسـەدەی (١٩) بەشـێوەیەکی باو دەبیسـترا، بەڵام بەهۆی کـاریگەری ڕووبـاری سـوور و دابڕانیـان، ئێسـتـا لەلایەن کۆمەڵێکی بچووکی قسـەکەرانی بە تەمەن بەکاردەهێنرێت، کەدەکەونە خوارووی ڕووباری سوور(Eleanor,1989:4) ، واتە( سـرووشـتی هەر نـاوچەیەک لەڕووی زێ و ڕووبـار و ژینگەی وڵاتەکە کـاریگەری ڕاسـتەوخۆیـان لەسـەر ئـاخـاوتنی ئەو کۆمەڵگـایە هەیە، کەتێیـدا دەژین)( Ayoob and Hikmat,2015:9)، کەواتە ئەو کاریگەرییە سرووشـتیانەی دەبنە هۆی تێکەڵاوی، یان بەپێچەوانەوە بەربەسـت و لێکدابڕان دروسـتدەکەن، بەکاریگەری هۆکارە سـرووشـتییەکانی دابەشـبوونی زمان دادەنرێن.

### ٣- لەبارەی عەشیرەتی سورچی:

چەندین عەشـیرەت لە کـوردسـتاندا بوونیان هەیە، بەڵام (عەشیرەتی سورچی لەناو عەشیرەتە کوردەکان، ئامادەیی دیار و بەرچاویان هەیە، ئەوەی گەورەیی ئەم عەشـیرەتە پشـتڕاسـت دەکاتەوە ئەو ڕووبەرە گەورە و فراوانەیە کەتێدا نیشـتەجێن، کە دەکەوێتە هەردوو بەری دەسـتەڕاسـت و دەسـتەچەپی کەناری زێی گەورە، لە ڕووی ئاخاوتنەوەش بە دوو شـێوەئاخاوتن قسـەدەکەن، کە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان و شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆرانن.

### ٣-١- ناوی عەشیرەتی سورچی

سـەبارەت بەناوی عەشـیرەتی سـورچی چەند ڕای جیا جیا هەبوون، بەڵام ئێمە ئەم دوو ڕایە لە هەموویان بە پەسـند تر دەزانین کە دەڵێین : ناوی عەشـیرەتی سـورچی لە سـوارچاکییەوە هاتووە، چونکە (بەسـوارچاکی و ئازایەتی بەناوبانگن)(العامری،١٩٩٣: ٦٧) یان ناوی سـورچی لە ناوی دەشـتی(سروچێ یان سـروچکێ) هاتووە، کە دەکەوێتە پارێزگای ئۆرفا لە تورکیا، کە بەدرێژایی مێژوو گۆڕان بەسـەر نـاوەکەدا هـاتووە، بووە بە(سورچی).

## ٣-١- سنوری جوگرافی عەشیرەتی سورچی:

سنووری جوگرافی دەڤەری عەشیرەتی سورچی دەکەوێتە هەردوو بەری زێی گەورە، کە( زێی گەورە ناوچەی عەشیرەتی سورچی بۆ دوو ناوچەی قەبیلەیی دابەشکردووە، بەشی دەستە ڕاستی پێی دەڵێن بادینان و بەشی دەستەچەپی بەسۆران ناسراوە)(غەفور،٢٠٠٩: ١٠١)بەم شێوەی خوارەوە:

لەباکوردا سەنتەری ناحیەی بجیل و تەواوی گوندەکانی و چەند گوندێک لە ناحیەی دینارتە دەگرێتەوە، سنووری لەچیاکانی برادۆست و پیرس دەستپێدەکات تاکو دەگاتە سنووری قەزای ئاکرێ لەباکووری ڕۆژئاوا، هەروەها لەڕۆژئاواشدا بەشێک لە گوندەکانی ناحیەی گردەسێن و چەند گوندێکی ناحیەی ڕۆڤیا دەگرێتەوە، بەرەو کەناری باشووری ڕۆژئاوای زێی گەورە دێتەوە، هەتا دەگاتەوە باشوور لەسەنتەری ناحیەی هەریروباتاس و بەشی زۆری گوندەکان و هەروەها چەند گوندێک لە ناحیەی باسرمە لەخۆدەگرێت، کە سەربە قەزای شەقڵاوەن، پاشان لەڕۆژهەڵاتدا دەگاتەوە سەنتەری ناحیەی خەلیفان و بەشێکی زۆر لە گوندەکانی دەگرێتەوە، کە سەربە قەزای سۆرانن، سەیری نەخشەی ژمارە(٢)بکە.



نەخشەی ژمارە(٢)[3]

جگە لەو شوێنانەی کە باسمانکرد، کە تایبەتبوون بە سنووری جوگرافی عەشیرەتی سورچی، لەم شوێنانەش نیشتەجێن: لەناو سەنتەری پارێزگایەکانی دهۆک و هەولێر و موسڵ و کەرکوک و سلێمانی بوونیان هەیە، کە چەند ناحیە و گوندێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەروەها لەکوردستانی تورکیا (٣٣) گوند لە دەشتا سروچێ لە پارێزگای ئورفا هەموو دەڵێن: ئێمە عەشیرەتی سورچینە، هاتووچوویان لەگەڵ سورچیانی کوردستانی عیراقدا هەیە، جگە لەوەش لەکوردستانی سوریا، لە عامودێش چەند گوندێک هەموو عەشیرەتی سورچینە، لەکوردستانی ئێرانیش عەشیرەتی سورچی هەنە، بەڵام زانیاری تەواو لەسەر ژمارە و سنووری جوگرافیان لەبەردەست نەبوو، کە لە سنووری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دانین، چونکە سنووری لێکۆڵینەوەکەی ئێمە لەم بەشەی هەرێمی کوردستانە، کە دەکەوێتە باکووری عیراق.

**٣-١- شیکردنەوەی شێوەئاخاوتنی عەشیرەتی سورچی، بەتایبەتی هەردوو گوندی(زێراڤ) و (کەلەکین سەرچیا)، بەراوردکردنیان لە ڕووی ئاستی دەنگسازییەوە:**

**٣-٢- فۆنیمەکانی شێوەزاری سورچی:**

بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی ئەو شێوەزارە، پەنامان بۆ ئەو وشانە بردووە کە لە گفتوگۆی دانیشتوانی ناوچەکان بە گشتی وەرگیراون، لە گەڕان و سەردانیکردن و چاوپێکەوتنی مەیدانی تۆمارمانکردوون، سەرەڕای ئەوەی کەمێک جیاوازی لە ئاخاوتنی گوندێک بۆ گوندێکی دیکە دەبیسترێت، بەڵام بۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان زانستیانەتربێت، فۆنیمەکانی ئەم دوو گوندەمان لە ڕێگەی جووتوکەوە دەستنیشانکردووە و بەنموونە وەرمانگرتووە،

**٣-٢-١- جووتۆکە :**

زمانەوانان بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێک یان زار و شێوەزارێک، ڕێگای ئەو وشانەیان گرتووەتەبەر (هەموو دەنگەکانیان وەک یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێ نەبێ جیان، چ لەسەرەتا یان ناوەڕاست یاخود کۆتایی وشەکە، ئەم جیابیە لەم تاکە دەنگەدا کە مانای جودا بەوشەکان دەبەخشن، پێیان دەگوترێ(جووتۆکە-minimal pair)، بەبەراوردکردنی ئەم جووتۆکانە دەتوانرێت فۆنیمەکانی زمان یان زار و شێوەزارەکانیش دەستنیشانبکرێن)(ئەمین،٢٠٠٩: ١٠)، **خشتەی فۆنیمەکانی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، بۆنموونە:(گوندی زێراڤ)، بەم شێوەی خوارەوەیە:**

| جووتۆکە | ئەلف و بێ | فۆنیمی نوێ | ئەلف و بێی جیهانی |
|---|---|---|---|
| بـرند : بـرنج | د : ج | د : ج | j : d |

[3] )دروستکراوە، لەلایەن د.کاوە جەبارڕەحمان،( ٢٠٢٣)،بەشی جوگرافیا، GIS- ئەم نەخشەیە بەسیستەمی( زانکۆی سەلاحەدین ،هەولیر.

| | | | |
|---|---|---|---|
| g : k | ک : گ | ک : گ | کو'لـ ڤ – گو'لـ ڤ |
| s : b | ب : س | ب : س | بوار – سوار |
| h | هـ | هـ : س | هۆلک – سۆلک |
| u : a | ه – و | ه – و | کەرب – کورب |
| ř : l | ل : ڕ | ل – ڕ | گەلەک : گەڕەک |
| q | ق | ق - ب | پەقرێژ – پەبرێژ |
| v : r | ر : ڤ | ر : ڤ | چار : چاڤ |
| ş : f | ف : ش | ژ : ف : ش | ژێر : فێر : شێر |
| o : ê | ێ : ۆ | ێ : ۆ | ژێر – ژۆر |
| n | ن | ن – د | گاڤانی : گاڤادی |
| z : ž | ژ : ز | ژ : ز | ژۆر : زۆر |
| î : â | ا : ی | ا : ی | ناڤ : نیڤ |
| ħ | ح | ێ : ح | ڕێ : ڕح |
| ł | 'لـ | م : 'لـ | مام : ما'لـ |
| û | وو | ا : وو | زا : زوو |
| p : x : ç | چ: خ : پ | چ : خ : پ | چار : خار: پار |
| t : m | م : ت | م – ت | ما'لـ – تا'لـ |
| i | بزرۆکە | بزرۆکە : ێ | تشت : تێشت |
| w : y | و : ی (نەبزوێن) | و : ی(نەبزوێن) | وێ : یێ |
| x^ | غ | ن : غ | بان : باغ |
| فۆنیمە | ٣٥ | | کۆی گشتی |

بەپێی بەراوردکردنی ئەم جووتۆکانەی کە لەکاری مەیدانی تۆمارکردنی ئاخاوتنەکان، کە تۆمارمان کردبوو، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت:

١- لەم شـێوەی ئاخاوتنەی سـورچی دەڤەری بادیناندا فۆنیمی/ ڵ/ دەگۆڕێت بە فۆنیمێک دەکەوێتە نێوان هەردوو فۆنیمی/ ڵ/ و/ ر/، ئێمە بۆ ناسینەوەی هێمای/'لـ/ :/ ł/ )مان بۆ داناوە بۆناسینەوەی، بۆنوونە:( گوڵ ، خەڵک، .....هتد) دەبنە( گو'لـــ : Guł ، خە'لـــک: Xałk ، .......هتد)، ڕەنگە ئەوەش لە ژێر کاریگەری شـێوەزاری سـۆرانی، لەڕێگای شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری سۆرانەوە کاری لەم فۆنیمە کردبێت.

٢- فۆنیمی/ڤ/ بەکارهێنانی زۆرە، لەم شـێوەئاخاوتنەی سـورچی دەڤەری بادیناندا، چونکە فۆنیمێکی ڕەسـەنی کوردییە، پ.د.عەبدوڵڵا دەڵێت: ((لەبەر ئەوەی باری سـروشـتی جوگرافی ناوچەکە سـەختە زیاتر ڕەسـەنایەتی و پاراوی خۆی پاراسـتووە))(ڕەسـول،٢٠١٥: ٢١٤)، هەروەها((محەمەدەمین هەورامیش پێیوایە دەنگی/ڤ/ڕەسەنترە))(هەورامانی،١٩٧٤: ١٥٦).

٢- لە شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادیناندا، زیاتر فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ بەکار دێت، بەڵام لەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، لەهەندێک وشـەدا فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ دەگۆڕن بەفۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ق/، بۆنوونە:( کوارگ ، کوڕ....هتـد) دەبنە( قوارگ ، قوڕ، ......هتد) لەوانەیە ئەوەش هەر لەژێر کاریگەری شێوەزاری سۆراندا ڕوویدابێت، بەڵام لە گەڵێک وشەی تر فۆنیمی/ ق/ بەکاردێت، بۆنموونە:(قەسکوان، قەیسیلۆک،....هتد).

**خشـتەی فۆنیمەکانی شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری سـۆران، بۆنموونە: ( گوندی کەلەکین سەرچیا)، بەم شیوەی خوارەوەیە:**

| جووتۆکە | نیشانەی فۆنیمەکان | فۆنیمی نوێ | ئەلف و بێی جیهانی |
|---|---|---|---|
| دار: مار: پار : چار | د : م: پ: چ | د : م: پ: چ | ç : p : m : d : s |
| کا : گا : با | ک : گ : ب | ک : گ : ب | k : b : g |
| ڕێ : زێ : جێ : خێ | ڕ : ز : ج : خ | ڕ : ز : ج : خ | x : j : z : ř |
| ئاش : ئاو | )نەبزوێن(ش : و | )نەبزوێن(ش : و | w : ş |
| هەتا : هەبا | ت : ب | ت : ب | t |
| حەفت : نەفت | ح : ن | ح : ن | n : ħ |
| چار : چاو | ر : و | ر | r |
| ئەیگۆ : ئەنگۆ | ی : ن | )نەبزوێن(ی | y |
| کەو : کەف | و : ف | ف | f |
| هۆر : ژۆر: | هـ : ژ | هـ : ژ | ž : h |
| کوڕ : قوڕ | ک : ق | ق | q |
| هارد: هورد | ا : و | ا : و | u : â |
| دوور : دۆر | وو : ۆ | وو : ۆ | o : û |
| بۆن : بن | ۆ : بزرۆکە | بزرۆکە | i |
| شیر : شێر | ی : ێ | ی : ێ | ê : î |
| لێو : سێو | ل : س | ل : س | s : l |
| سەر : سار | ە : ا | ە | a |
| دۆغەوا | غ | غ | x^ |
| کۆی گشتی | | ٣٤ | فۆنیمە |

١- شـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری سـۆراندا هەردوو فۆنیمی/ ڵ/ و/ ڤ/ی تێدا نییە، لە هەر وشـــەیەکدا فۆنیمی/ ڵ/ هەبێت، دەیگۆڕن بە فۆنیمی/ ر/ی ســـوک، بۆنموونە:(خەڵک، گوڵ، دڵ،....هتد) دەبنە( خەرک، گور، در،.........هتد).

٢- فۆنیمی/ ڤ/ (لەم شـێوە ئاخاوتنەدا بەرچاو ناکەوێت، (هەرچەندە فۆنیمێکی سـەربەخۆ و ڕەسـەنە)(حەسـەن،١٩٩١: ٤٠) مەگەر زۆر بەدەگمەن لەهەندێ ناوی تایبەتیدا، کە لەزاری ژووروو یان لەژێر کاریگەری شـێوەزاری سـورچی دەڤەری بادیناندا هاتبێت، ئەگینا دەنگی /ڤ/ دەگۆڕن بەدەنگی/ و/ بەبەراورد بەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، ڕەنگە ئەوەش لەژێر کاریگەری شێوەزاری سۆرانی بێت، چونکە( لەوشە ڕەسەنەکانی شێوەزاری سۆرانی دەنگی لێوی و ددانی/ڤ/نییە، لەبەرامبەریدا دەنگی گڕی/ و/ بەکاردێت)(موکریانی ،٢٠٢٢: ٦٥).

٣- هیچ جوتوکەیەکمان بەرچاو نەکەوت کە فۆنیمی/ع/ تێدابێت، تەنیا لەو وشـانە بەدیار دەکەوێت کە لەزمان و زارەکانی تر هاتوونەتە ناو ئەوشێوەئاخاوتنە.

٤- فۆنیمی/ غ/ لەم شـێوە ئاخاوتنەدا هەرچەندە لە کۆمەڵێک وشـەدا دەبینرێت، بۆنموونە:(دۆغەوا، ئـاپراغ، .....هتـد)، بەڵام هیچ جووتوکەیەکمـان نەدۆزییەوە، هەروەهـا زۆرجـار دەگۆڕێن بە فۆنیمی/خ/ بۆیە گومـانمـان هەیە کە فۆنیمێکی ڕەسـەن بێـت، بۆنموونە:( وراغ ،...هتـد) دەبن(وراخ،.....هتد)( فەرهادی،٢٠١١: ٩٧-١٠٠).

### ٣-٣- هەندێ گۆڕانی فۆنۆلۆجی شێوەی ئاخاوتنەکانی سورچی :

### ٣-٣-١- دەنگگۆڕکێ(Replacement):

واتە دەنگێک دەگۆڕێت بە دەنگێکی دیکە لەکاتی ئاخاوتندا، بەبێ ئەوەی کار لەواتای وشەکە بکات و بیگۆڕێت، بەشێوەیەکی گشتی گۆڕان لە هەموو ئاستەکان ڕوودەدات، بەڵام (لە ئاستی دەنگسازیی خێراترە و زیاتر ڕوودەدات، ئەم گۆڕانەش هەندێک جار بەبێ ویستی قسەکەرە و دەنگەکە خۆی ئەوە دەخوازێت)(خالید ،٢٠١٩: ٦٣) ، بۆ ئاسانی ئاخاوتن.

**١- گۆڕینی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ / بە فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / و/ :**

- لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان لە زۆربەی وشەکاندا دەنگی نەبزوێنی گڕی/ڤ/وەکو خۆیان ماون و هیچ گۆڕانێکیان بەسەردانەهاتووە، بەڵام لەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران دەگۆڕێت بە دەنگی نەبزوێنی گڕی/ و/، چونکە لە قسەکردندا ئاسانترە، بۆنموونە:

| ش . ئا. با | ش . ئا . سۆ |
| --- | --- |
| شەڤ | شەو |
| ناڤ | ناو |

محەمەدەمین هەورامیش پێی وایە دەنگی/ڤ/ڕەسەنتر بێت، چونکە( لە هەورامی کۆندا زۆر باو بووە، بەتایبەتی لە دیوانەکەی (صەیدی هەورامی) چەندەها وشەی بەکارهێناوە کە دەنگی/ڤ/ی تێدایە، هەروەها لای خەڵکە بەتەمەنەکانی گوندەکان، بەڵام خوێندەوارەکان دەیگۆڕن بەدەنگی/و/)(هەورامانی،١١٩٧٤: ١٥٦)، بۆنموونە:

| زاری هەورامی کۆن | زاری هەورامی نوێ |
|---|---|
| ڤەرگ | گورگ |
| کاڤڕ | کاوڕ |

ب- هەندێک جار لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا، دەنگی نەبزوێنی/ڵ/ دەگۆڕن بە دەنگی نەبزوێنی/ ل/ لە وشە و دەستەواژەکاندا، ڕەنگە ئەوەش بەهۆی کاریگەری زاری ژووروو بێت، بەڵام ئەوەش زۆر بە دەگمەن لەم شێوەئاخاوتنە بەرچاو دەکەوێت، بۆنموونە:

| ش . ئا . با | ش . ئا . س |
|---|---|
| مەحاوەلێکا | حەولەدا |
| پەلک | پەلک |

هەرچی فۆنیمی/ ل/ لەسەرەتای وشەدا لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران زیاتر بەکاردێت، چونکە فۆنیمی/ ل/ی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان لەسەرەتای زۆربەی وشەکاندا هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتووە، جگە لەوەش هەندێک جار فۆنیمی/ ت/ گۆڕاوە بە فۆنیمی/ ل/، بۆنموونە:

| ش. ئا. با | ش. ئا. سۆ |
|---|---|
| لکبن | لگبن |
| لەڤەن | لەوەن |
| تێرامینە | لێرامینە |
| تەسە ئەگەڕێ | لەسە ئەگەڕێ |

### ٢- تێکەڵبوونی هەردوو فۆنیمەکانی/ و / + / ە / گۆڕانی بۆ فۆنیمی/ ۆ/ :

لەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران فۆنیمی/ ۆ/ زیاتر بەکاردەهێنن، جونکە لەهەندێک وشەدا کاتێک فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/دەگۆڕن بەفۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لە کۆتایی وشە و دەستەواژەکاندا، بەتایبەتی لەپاشگری(ەڤە)دا، کاتی فۆنیمی/ڤ/دەگۆڕێت بە/و/، لەوکاتەدا((فۆنیمی/ و/ و فۆنیمی/ ە/ تێکەڵ دەبن و دەبن بە فۆنیمی/ۆ/))(ڕەسول، ٢٠١٥: ٢٠٨) لەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا/ و/ + / ە / > / ۆ/،بۆنموونە:

| ش . ئا . با | ش . ئا . سۆ | ش. ن |
|---|---|---|
| کوشتەڤە | کوشتۆ | کوشتەوە |

| | | |
|---|---|---|
| هوردکەتەڤەوە | هوردکەتۆ | وردکردنەوە |
| هینمەڤە | تەهینمۆ | دەهێنمەوە |

بەڵام لە هەندێ وشـەدا ئەم دیاریدە پێچەوانە دەبێتەوە لەشـێوەی ئاخاوتنی سـورچی دەڤەری بادینان ئەگەر فۆنیمی بزوێنی/ وو/ لە دوای فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ چ/هاتبێت، ئەوا فۆنیمی بزوێنی/ وو/ دەگۆڕن بە فەنیمی بزوێنی/ ۆ/ ، بۆنموونە:

| ش. ن | ش. ئا. با |
|---|---|
| چۆ | چوو |
| چۆین | چووین |

**٣- گۆڕینی فۆنیمی بزوێنی کورتی / ە / بە فۆنیمی بزرۆکە / i/ :**

لەهەندێک وشـــەی شـــێوەی ئاخاوتنی ســـورچی دەڤەری بادینـاندا فۆنیمی بزوێنی بزرۆکە/ i / بەرامبەرەکەی لەشێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا فۆنیمی بزوێنی کورتی/ ە/ بەکاردێت، بۆ ئەوەی هێشـــوە نەبزوێن نەمێنێت، بەمەبەســـتی ئاســـانی لەدەربڕیندا، هەر وەک : (ماکس مولر دەڵێت:لە زمانە شـارسـتانییەکاندا قسـەکەران شـێوەی ئاخاوتنیان دەگۆڕن، خۆیان بەدووردەگرن لە دەنگە قورســـەکان، حەز لە دەنگە تاڕادەیەک ئاســـانەکان دەکەن، کە لەدەم بەرەو پێشـــەوە بەرهەم دەهێنرێت(Edward,:153-154)، بۆ نموونە:

| ش. ئا. با | ش. ئا. سۆ |
|---|---|
| هند | هەند |
| وکی | وەکی |

**٤- گۆڕینی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ هـ/ بە دەنگی گڕی/ ئـ /:**

لەسەرەتای هەندێک وشە دەردەکەون، بەڵام لە( زاری ناوەڕاست فۆنیمی نەبزوێنی کپی/هـ/ لەسەرەتای وشە و دەستەواژەکاندا بەدیار ناکەوێت، بەڵام دەرکەوتنی ئەم فۆنیمە لە زاری ژووروودا پێویستی هەمزە/ ئـ/ ناهێڵێت، لەو وشانەی کە بە بزوێن دەستپێدەکەن)(عەساف ،٢٠١٥: ٢٤٥)، هەروەها لە لەسەرەتای هەندێک وشەدا لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان فۆنیمی/هـ/ بەکار دێت، بەڵام لە ژێر کاریگەری شێوەزاری سۆرانی لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران دەگۆڕێت بەدەنگی/ ئـ /، بۆنموونە:

| ش. ئا. با | ش. ئا. سۆ |
|---|---|

| | |
|---|---|
| هاگا | ئاگا |
| هاون | ئاون |
| هەکە | ئەگە |

بەڵام پێمان وایە دەنگی کپی/هـ/ سواوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا وشە بەبزوێن دەست پێناکات بۆیە دەنگی/ئـ/ جێگای گرتووەتەوە.

**٣-٣-٢- سووان / لەناوچوونی دەنگ( Elision ) :**

سوانی دەنگ یەکێکە لەیاسا فۆنۆلۆجیەکان((بریتییە لە سووان و لەناوچوونی فۆنیمێک یان زیاتر لەسنووری وشەیەکدا))(ئیسماعیل،٢٠١٣: ٢٠٣)، (( ئەم دیاریدەیەش لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا زۆر باوە))(فەرهادی،٢٠١٧: ٣٢).

**١- سووان یان لەناوچوونی فۆنیمی نەبزوێن (کۆنسنانت):** لە سەرەتا و ناوەڕاست یا کۆتایی وشە، لێرەدا فۆنیمێکی نەبزوێن لە وشەیەکی شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان سوواوە بەرامبەر بە وشەیەکی دیکە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، بۆنموونە:

**٢- سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ت/ لەسەرەتای وشەدا:**

| <u>ش. ن</u> | <u>ش. ئا. با</u> |
|---|---|
| تشت | شت |

**٣- سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ی/ لە ناوەڕاستی وشەدا:**

| <u>ش. ئا. با</u> | <u>ش. ئا. سۆ</u> |
|---|---|
| گەڕیا | گەڕا |
| بڕیاوە | بڕاوە |

**٤- سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ و/ لە ناوەڕاستی وشەدا:**

| <u>ش. ئا. با</u> | <u>ش. ئا. سۆ</u> |
|---|---|
| هەبوا | هەبا |
| هەموا | هەما |

**٥- سووانی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ڤ/ لە کۆتایی وشەدا:**

| ش. ئا. با | ش. ئا. سۆ |
|---|---|
| مرۆڤ | مرۆ |
| وەتۆڤ | وەتۆ |

**٦- سووانی فۆنیمی نەبزوێنی کپی/ ک/ لە کۆتایی وشەدا:**

| ش . ئا . با | ش . ئا . س | ش. ن |
|---|---|---|
| کۆخک | کۆخ | کۆخە |
| هۆلک | هۆر | هۆڵ |

**٨- سووانی فۆنیمی بزوێن(ڤاول) لە ناوەڕاست یاخود کۆتایی وشەدا،** لێرەدا فۆنیمێکی بزوێن لە وشەیەکدا لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان سوواوە و تێچووە بەرامبەر بە وشەیەکی دیکە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران، بۆنموونە:

**٩- سووانی فۆنیمی بزوێنی/ ۆ/ لە ناوەڕاستی وشەدا:**

| ش . ئا . با | ش . ئا . س |
|---|---|
| شەمامۆک | شەمامک |

**١٠- سووانی فۆنیمی بزوێنی/ ێ/ لە ناوەڕاستی و کۆتایی وشەدا:**

| شێوەی نووسین | ش . ئا . با |
|---|---|
| سەردان | سەرێدان |
| ڕاستەوخۆ | ڕاستێ |

**٣-٣-٣- زیادبوون / پەیدابوونی دەنگ( Linking ) :**

بریتییە لەزیادبوونی فۆنیمێک لەسەرەتا و ناوەڕست یان کۆتایی وشەیەکدا((بۆ ئەوەی وشەکە یان دەستەواژەکە بە ئاسانی و بەبێ هەڵە دەرببڕدرێت))(فەرهادی،٢٠١٧: ٣٢)

**١- زیادبوون یان پەیدابوونی فۆنیمی نەبزوێن(کۆنسنانت):**

**٢- زیادبوونی دەنگی نەبزوێنی گڕی/ ئـ/ لەناوەڕاستی وشەدا:**

| ش . ئا . با | ش . ئا . س |
|---|---|
| نەیەدا | نەیئەدا |
| دەست پێیکا | دەست پێئەکات |

**٣- زیادبـوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی / ر/ لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا:**

| ش . ئا . س | ش . ئا . با |
|---|---|
| چ جار | چ جا |
| گەلەکجار | گەلەکجا |

**٤- زیادبوونی فۆنیمی نەبزوێنی گڕی/ ی/ لەناوەڕاستی وشەدا:**

| ش . ئا . س | ش . ئا . با |
|---|---|
| خویندن | خوندن |
| باینجان | بانجان |

**٥- زیادبوونی فۆنیمی بزوێنی کورت/ ە/لەناوەڕاستی و کۆتایی وشەدا:** هەرچەندە بزوێن کەمتر گۆڕانیان بەسەردادێت، چونکە ناوکی بڕگەیە، بەڵام زۆرترین دەنگ کە زیادبوبێت لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران بەرامبەر بە هەمان وشە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان دەنگی بزوێنی کورتی/ ە/بووە، بۆنموونە:

| ش . ئا . سۆ | ش . ئا . با |
|---|---|
| هەنوکە | هنوکە |
| بامیە | بامی |

**ئەنجام:**

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- زێی گەورە یەکێکە لە لقێکی هەرە گەورەی ڕووباری(دیجلە)، وەک سنوورێکی سرووشتی نێوان زاری ناوەڕاست(سۆرانی)و زاری کرمانجی ژووروو(بادینی )، بەهەمان شێوە جیاکردنەوەی شێوەزاری سورچیشە بۆ دوو شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران و بادینان، کە دەکەونە هەردوو بەری دەستەڕاست و دەستەچەپی کەناری زێی گەورە،

٢- لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان لەجیاتی فۆنیمی/ڵ/ ، فۆنیمێکی تێکەڵ هەردوو فۆنیمی/ ڵ/ و/ر/ بەکاردەهێنن، ئێمە بۆ ناسینەوەی هێمای/'لـ/ : /ł/ )مان بۆ داناوە، بەڵام لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران فۆنیمی/ ر/بەکاردەهێنن، بۆنموونە: (خە'لـک : Xałk > خەرک : Xark ، گو'لـ : Guł > گور:Gur ).

٣- فۆنیمی/ڤ/بەکارهێنانی زۆرە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان، کەچی ئەم فۆنیمە لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆراندا بوونی نییە، بەڵکو دەگۆڕێت بەفۆنیمی/و/ ،بۆنموونە:( چاڤ > چاو ، ئاڤ > ئاو ، مەگەر زۆر بەدەگمەن فۆنیمی/ڤ/ لە ناوێکی تایبەتی کە لە زاری ژووروو یان لەژێر کاریگەری شێوە ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان هاتبێت،وەک:( ڤیان ، ئەڤین،....هتد).

٤- لەسەرەتای هەندێک وشەدا لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری بادینان فۆنیمی/هـ/ بەکاردێت، بەڵام لە ژێر کاریگەری شێوەزاری سۆرانی لە شێوەی ئاخاوتنی سورچی دەڤەری سۆران دەگۆڕێت بەدەنگی/ ئـ /، بۆنموونە: ( هاگا > ئاگا ، هاون > ئاون ، .....هتد)، پێمان وایە دەنگی کپی/هـ/ سواوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا، وشە بەبزوێن دەستپێناکات، بۆیە دەنگی/ئـ/جێگای گرتووەتەوە.

**سەرچاوەکان**

<u>کتێبە کوردیەکان</u>

١-خەلیل ئیسماعیل محەمەد،(٢٠١٢)،جوگرافیای نەتەوەکان، کورد وەک نموونە، وەرگێڕانی.م.ی.تەنکە عوسمان سەعید،هەولێر.

٢-ڕەفیق محەمەد شوانی ،(٢٠٠٨)زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا،چ١، چاپخانەی خانی،دهۆک.

٣-عەبدوڵا حوسێن ڕەسول،(٢٠١٥)چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی،ب١،چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٤-عەبدوڵڵا غفور،(٢٠٠٥)، جوگرافیای کوردستان، ب١، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥-عەبدوڵڵا غفور،(٢٠٠٥)، سنوری کوردستان، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦-ک.ک.کوردۆیڤ، و.کوردستان موکریانی،ڕێمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، چ١،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،٢٠٢٢: ٦٥.

٧-کامیل حەسەن بەسیر و.......،(١٩٨٧)،زارەکوردییەکان، پۆلی یەکەم، بەشی کوردی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨-مارف خەزنەدار،(٢٠١٠)، مێژوی ئەدەبی کوردی لەسەرەتاوە تاسەدەی چواردەم، ب١، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٩-محەمەد مەعروف فەتاح،(٢٠١١)،زمانەوانی،چ٣، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.

١٠-میرشەرەفخان بەدلیسی(٢٠٠٦)،شەرەفنامە، مێژوی بنەماڵەی میرانی کوردستان، وەرگێڕانی م.هەژار، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١١-وریاعومەر ئەمین،( ٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،چ٢،چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

<u>نامە ئەکادیمیەکان</u>

١٢-ڕۆكان عەبدوڵلا محەمەد(٢٠١٥)، چەند تايبەتێتييەكی ناوچەی گەرميان لەڕووی فۆنەتيک و گراماتيكەوە ، سكوڵی زمان ، فاكەڵتی زانستە مرۆڤايەتييەكان ، زانكۆی سلێمانی.

١٣-ڕێژنە مەعروف حوسێن،(٢٠١٠)،ڕۆڵی شێوەزار لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان ،زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر

١٤-ڕەحمان ئيسماعيل حەسەن(١٩٩١)،بڕگە و ئاسانبوونی بڕگە لەكوردیدا،نامەی ماستەر،كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٥-عاتف عەبدوڵلا فەرهادی،( ٢٠٠٦)،فێركردنی زمانی كوردی لەسەربنچينەی پاوەرپۆينت،نامەی ماستەر،كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین،هەولێر.

١٦-عاتف عەبدوڵلا فەرهادی،(٢٠١١)،هەندێ لايەنی دەنگسازی شێوەزاری باڵەكايەتيلەسەر بنچينەی(praat)،نامەی ماستەر،كۆلێژی زمان،زانكۆی سەلاحەدین،هەولێر

١٧-عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول،( ٢٠٢٠-٢٠٢١)وانەی خوێندنی باڵا، ماستەر، كۆلێژی زمان ،زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٨-عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد،(٢٠٠٩)،ئەتلەسی زمانی هەرێمی كوردستانی عيراق وەک نمونە،نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین،هەولێر

<u>گۆڤارەكان</u>

١٩-ئارام جەلال هەمەوەندی، ئيمپراتۆريەتی ميدييەكان لەسەرچاوە مێخييەكاندا،گۆڤاری ئەكاديميای كوردی،ژ٣٣، ٢٠١٥: ٣١١ چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٠-ئەورەحمانی حاجی مارف،(١٩٧٤)، چی لەبارەی زمانی كوردیەوە نوسراوە،چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد،بەغدا.

٢١-سارا حوسێن خاليدو ....(٢٠١٩)، گۆڕان لە زماندا، گۆڤاری ئەكاديميای كوردی، ژ٤٣،چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢٢-عاطف عەبدوڵلا فەرهادی(٢٠١٧)، شێوەزاری هەولێر لێكۆڵينەوەيەكی دەنگسازی، ژ١٠، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین.

٢٣-محەمەدئەمين خوراسانی، لێكۆڵينەوەی ئەنترۆپۆلۆجی گوندی گەلين.گۆڤاری ئێرانی بۆ مرۆڤناسی،١٩(٣٥)١٩٥-٢٢٨، ٢٠٢٣

٢٤-محەمەدئەمين هەورامانی(١٩٧٤)، تەماشاكردنێكی سەرپێی زاريسۆرانی و زاری هەورامی، گۆڤاری كۆڕی زانياری كورد،ب٢، بەشی٢، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد، بەغدا.

٢٥-مزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد(٢٠١٧)،چەند دیاریدەیەکی فۆنۆلۆجی لەنێوان زارە کوردیەکان و زمانە ئێرانیەکاندا،ژ١٠، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین

سەرچاوە عەرەبیەکان

٢٦-ثامرعبدالمحسن العامری،( ١٩٩٣)،موسوعة العشائر العراقية، چ،٧، مكتبة الصفاوالمروة، لندن.
٢٧-علی عبدالوافی(٢٠٠٤)، علم اللغة، طبعة التاسعة، نهضة المصرللطباعة، قاهيره.
٢٨-غازی مختار طليمات،(٢٠٠٧)،في علم اللغة، طبعة الثالثة، دارطلاس، ديمشق
٢٩-ناديه رمضان النجار (٢٠١٥)،تصنيف اللغات و فصائلها، الاسكندريه.

سەرچاوە ئینگلیزیەکان

3٠-Ayoob K. I. and Hikmat A. H.The Influence of the Landscape on the typology of Traditional House in Kurdistan Mountainous Villages, Jurnal of the Kurdish Academy, Erbil,vol33.p9,2015,

3١-Bernard Comrie, Linguistic diversity in the Caucasus, Annual Review of Anthropology37,131.

3٢-Eleanor M. Blain, The Bungee dialect of the Red River Settlement, A Thesis presented to the University of the Manitoba, Ottawa ,Canada ,KIAON p. 4,1989

3٣-Geraldine Walter and Benoit Sagot, Developing a Larg-Scale Lexicon for Less-Resourced Language: General Methodology and preliminary Experments on Sorani Kurdish-HAL,p.6-14 Nov 2010.

3٤-Kyumars Sh. E. eat el(4-9 August 2013) Sorani Kurdish Versus Kurmanji Kurdish An Empirical comparison. Sofia. Bulgaria.

3٥-Matthias Urban, Mountain linguistics, University of Tubingen, Germany p.19 – 23, 2020.

3٦-Nichols J. space in language and linguistics: Geographical, interactional, and cognitive perspectives Berlin, Germany/ Boston, MA : Walter de Gruyter.54pp.38-60, 2013.

3٧-Ronald Vere Tooley Maps in Italian atlases of the sixteenth century, Tylor &Francis Group3(1),12-47,1939.